# سبەینێ[٧]

**گۆشەیەکی هەفتانەی نووسەرە ، کە لە یەك کاتدا لە رۆژنامەی (رێگای کوردستان) لە کوردستان و لە سایتی دەنگەکان بڵاودەبێتەوە..**

**رزگار عومەر**
rezgar70ca@yahoo.com

# دەسەڵات و رای گشتی

**پاش چاوەروانیەکی زۆر پر لە دوو دڵی بێزاری ، خەڵکی کوردستان لە گەڵ رێکەوتنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار رۆژیان کردووە ، رێکەوتن لە سەر وردەکاریەکان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و لە سەر دانیشتنی پەرلەمان و چەند مەسەلەیەکی تریش بە گەرانەوەی یەکێ لە دوو لیدەرە سەرەکیەکە بۆ کوردستان و بە گۆرینەوەی نامەو دانیشتن لە نێوان یەکتر کۆتایی پێ هات ، ئەو ماوەیەی کە هەردوو بەرێز ( فەخری کەریم ، دکتۆر مەحمود عوسمان ) خەریکی هاتوچۆبوون لە نێوان یەکێتی و پارتی ، بە ئاسانی هەست بە دراما بوونی سیاسەت دەکرا لە نێو کوردستانا ، میللەتێك لە بەردەم ئەو ئاڵ و گۆرو پێشهاتانەی لە بەردەم چارەنووسی سیاسی و بەرژەوندیەکانی ئەودان ، لە بەردەم گفتوگۆی داخراوی میوانخانەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی لە دوکان و لە سەلاحەدین ، تەنیا وەکو بینەرێکی بێ دەسەلات چاوەروانە ، بەڵکو ئەم دانیشتنانە بە ئەنجامێك بگەن کە دلخۆشی پێ بدەن ، نەبادا کابوسەکان و سیناریۆ رەشەکانی دوورکەوتنەوەی ئەم دوو هێزە لە یەکتر وەکو درامای خوێناوی نەوەدەکان دووبارە بێتەوە !**

**زۆر هۆی مەوزوعی هەیە وای کردووە ، خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەم دوو هێزە سیاسیە خۆیدا ، وەکو بینەرێکی تەریك ، وەکو حەکەمێکی بێ دەسەلات ، لە جیاتی دەرهێنانی کارت و فیکە لێدان ، خەریکە بە هەلبژاردنی بێ دەنگی پاکانەی بێ رۆڵ بوونی خۆی دەکا ، لە کاتێکدا کە رۆڵ بینین لە مەسەلە سیاسیەکانی بەرژەوندیکی گشتی ، زۆر لە جاران زیاتر ئیمکانی ئەوەی هەیە گەمارۆی ئەم هۆیە مەوزوعیانە بە جێ بێلێ ، باشترین رێگاش بۆ خەڵکی کوردستان ، کۆبوونەوەیە بە دەوری ئەو ئامرازانەی کە دەتوانێ دووربینینی خۆی پێ مومکین بکا ، ئامرازێکیش کە دەتوانێ دەستی بۆ ببا کار کردنە لە سەر چەمکی ( رای گشتی ) و بنیات نانی بناغەیەکە بۆ دەست بردن بۆ وردو درشتی مەسەلە سیاسیەکانی تایبەت بە چارەنووسی خۆی ،**

**رەنگە بۆ ئەزموونی خەڵکی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتدا ، بنیات نانی رایەکی گشتی جیاواز و کاریگەر بە خەیاڵ پڵاوی بێتە بەرچاو ، بەڵام گەشبینی بەم باسە ، لەو خاڵەوە دەست پێ دەکا کە خەڵکی کوردستان ، خۆی لە باری سایکۆلوژیەوە ئامادەیی هەیە ، بەڵام لە باری خاڵی دەست پێ کردنەوە سەرە داوە عەمەلیەکان دیار نییە یان بەترس دوور دراوە ، من پێم وایە ئەو سەرە داوانە لە هەنگاوی زۆر بچووکەوە دەست پێ دەکا ، بۆ نموونە بە دەر لە میدیای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ، خەڵکی کوردستان توانیان سمیناری سەربەخۆ بۆ ئەم دووبەرێزە (دکتۆر مەحمود و کاك فەخری کەریم ) سازبکەن تەنانەت ئەگەر لە هۆڵی قوتابخانەیەك بووبێ چ لە سلێمانی چ لە هەولێر ؟ نووسەران و رووناکبیرانی شارەکانی کوردستان لەم ئەزمەی چاوەروانیەدا ، ئیمکان نەبوو بەیان نامەی هاوبەش دەربکەن ؟ چەند کەس داوای مۆڵەتی کرد لە دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بۆ ساز دانی رێپێوانی هێمنانە و نارەزایی دەربرین بەرامبەر ئەم وەزعە ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە هەڵبژاردنی سەرپێچی کردنی مەدەنی (عصيان مدني) دوور لە توندو تیژی و بە یارمەتی خودی دەزگای ئاسایش خەڵکی کوردستان بۆ ئەمرۆ بۆ سبەینێ ی خۆیان رۆڵ لە ژیانی خۆیان ببینن ؟**